# شەونم

## هۆنراوەی (28)

آنان كه خاك را به نظر كيميا كنند

ئەو تاقمەی لە گڵ بە نەزەر کیمیا دەکەن
ئاخۆ بەلای مەدا نەزەرێکی وەهادەکەن
دەردم نهێن بێ چاکە لە ناشارەزا تەبیب
دەردی ئەوین لە یانەیی غەیبی دەوا دەکەن
چاکە و خراپە هۆ نیە ئاخر بە خێرەکان
ئاکارەیان حەواڵە بە روحمی خودا دەکەن
یارێک ئەگەر نیقابی لە رووی خۆی وەلا نەدا
وەسفی جەماڵی بۆ بەخەیاڵ و هەوا دەکەن
ئێستا لە پەردەدایە گەلێ فیتنە روو دەدا
ئەودەم کە پەردە لاچوو قیامەت بە پا دەکەن
گەر لەو قسانە تاشە بناڵێ سەیر نیە
خاوەندڵان حیکایەتی دڵ باش ئەدا دەکەن
نائاشنا مەبە لە هەراجی ئەوینێ د
ئەهلی نەزەر سەوایە دەگەڵ ئاشنا دەکەن
مەی نۆشی گیان کە، چونکەگوناهی لەپەردەدا
زۆر چاترە لە نوێژی ئەوانەی ریا دەکەن
ئا لەو کراسە بۆنی وسوو دێ لەبەر دەمم
لێم رۆشنە براگەلی خوێنی پیا دەکەن
جارێک وەرە و بە کووچەی مەیخانە دا بڕۆ
بڕوانە عاشقانی کە بۆتۆ دوعا دەکەن
بە دزی حەسوودی بمبەرە لای خۆ کە چاک و پیر
خێری نهێن لە خەڵکی لە رێگەی خودا دەکەن
حافز! هەمیشە دەستی نەداوە ویسالی یار
شایان لە کوێ ریعایەتی حاڵی گەدا دەکەن

**حافزی حەقیقی**